تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان

ئەمڕۆ ساڕۆژی ڤاندن و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان تێدەپەڕێت.

سەردەشت عوسمان، ڕۆژنامەوان و خوێندکاری بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بوو، لە کاتژمێر 8ـی بەیانیی ڕۆژی 4ـی ئایاری 2010 لە بەردەم زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو ڤەندرا، دوای دوو ڕۆژ لە دیارنەمانی، لە 6ـی ئایاری 2010، تەرمەکەی بە قەبەستراوی لە دۆروووبەری شاری موسڵ دۆزرایەوە.

ڕۆژنامەنووسی شاری هەولێر سەردەشت عوسمان ناسرابوو بە بابەتە ڕەخنەگرانەکانی بەرامبەر دەسەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی پارتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی حکومەتی ئۆکات نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی دەزگای پاراستی ئۆکات مەسرور بارزانی.

سەردەشت جگە لەوەی کەسانی پەیوەندیداری ئاگادار کردبووەوە لە هەڕەشەی کوشتنی، هەروەک چۆن باسی لەوەکرد پێش تیرۆر کردنی، بابەتەکیشی بڵاوکردووە. لە بابەتەکەیدا بە ئاشکرا داوا لە بکوژەکانی دەکات کە مەرگەکی شایستە بە ژیانەکەی پێ ببەخشن و وتیشی: "دوعاش دەکەم مردنەکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت، بەیە ئەم قسانە دەکەم تا بزانن گێنجەکانی ئەم وڵاتە چ هەڵیسەسکن و مردن سادەترین هەبژاردنیانە، بە ئەوەی تێبگەن کە ئەوەی ئەمە دەترسێنێت بردەوامی ئەم ڕۆژگارەی ئێستایە بە نەوێکی داهاتوو، نەک مردنی خەمان، کاری منیش خۆشبەختی برا بچوکەکانمە، نەک خەم".

سەردەشت عوسمان کە لە دایکبووی ساڵی 1987ـە، لە ڕۆژی 4ـی ئایاری 2010 لە بەردەم زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر ڤەندرا و تیرۆر کرا.